www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە

ژمارە
119
ساڵی حەوتەم ٢٠١٠/١٢/٢٥
بەکاتی: بابانوێلی بەر لایت شەحن



## خەبەر عاجیل

خوا بە گوناحی نەنوسێ پەیامنێرە هەزەلییەکەمان لەشاری خانەقینەوە بە کورتە نامە ئەم خەبەرە عاجیلەی بۆ ناردین گوایە لەسەر بڕیاری حکومەتی بەغداو خزمانی ناو دەستەڵات لە خانەقین هەستاون بە نوقاندن و داخستنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئیتر نازانین حیکمەتی ئەم موغلەق حالییەنە لە چیدایە؟ بۆ زانیاری زیاتر ڕووبکەنە پاشماوەی خەبەر عاجیل.. ل٣٧



## دڕکبڕێر



ئەم بابەنوێلە بۆ ئەبلەق بووە؟ ل13



تۆبڵێی گرێکەی پێ ببڕێتەوە؟ ل14




ئەم گەندەڵە مۆرە لەکێ ئەکات؟ ل20

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی**
**پەروەر**
Tel: 07701492911

**دەستەی نووسەران**
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەژاڵ ئیسماعیل
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی — عەلی دەرویش
خضیرالحمیری — سەردارکێستەیی
پەروەر — سالم سەلیم
سۆران کوردپوور — ئەحمەد مەندەلاوی
ڕۆستەم زادە (ئامۆ) — زیرەڤان ساڵح
سەید مەحمود موکری — سەرتیپ فەتاح
ئاراس باڵاتەیی — سەربەست ئەفەندی
فەرەیدون هاوار — بابان

**نووسەرانی بەشداربوو**
ئەحە نۆکە — بەختیار حەسەن
ڕەفعەت کەرکوکی — شوان غەمبار
کاروان فەتحی — مەنسور دەرویش زادە
توانا حسین شێخانی

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی - هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
**ڕزگار فەقێ عەوڵا**
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیارئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥



تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

## سەروتار




### بە مەزەندە



* بەمەزەندەی خەبیرەکانی بواری تروتەشقەڵە و بە ئەقڵی بەزۆرلکێنەرەکان، دوای ئەوەی بڕیاریاندا مالکی حکومەت درووست بکات و لەولاشەوە عەلاوی خۆی لەو بە پیاوتر ئەزانێت، پێشبینی ئەکرێ ئەم حکومەتە بەقوەتترین حکومەت بێت لە زەعیفیدا!

* بەمەزەندەی کاڵەک خۆرو بێستان رنەکان، دوای ئەوەی بە هەزاران ژووری پلاستیکی لە کوردستان درووووست کران، کەچی یەک کیلۆ خەیاری خۆمانە بۆ دەرمان دەست ناکەوێت، لەوانەیە ژوورە پلاستیکیەکان تەحویل بووبن بۆ قاوەخانەی نێرگەلە !...

* بەمەزەندەی خەباتگێڕەکانی یەکسانی نێرینەو مێینە، بە بۆچوونی حەکیمە یەکسانخوازەکان، دوای ئەوەی لە بەشی ئینعاشی خەستەخانەی کۆماری لە هەولێر لە ژووری موشەبەکی بەتێکەڵی ژن و پیاو دەخەوێنرێن (بیلامانیَ)، چاوەڕوان دەکرێت ئەم یەکسانییە بگاتە سەموونخانە و نانەواخانەکان و لەوێش سەرەی ژن و پیاو تێکەڵ بکەنەوە!....

* بەمەزەندەی دامەزرێنەرانی ئۆلۆمپی عالەمی، پاش ئەوەی رانییە بووەتە گەورەترین مەلعەبی دامەکردن لە باخچەو شوێنە گشتیەکاندا، چاوەڕوان دەکرێت یەکەم مۆندیالی دامە لەم شارەدا بکرێت و هەر خۆشمان یەکەمی بین ...

## شاشەی tv یەکان

**نووسینی: تالە tv**

* لە شاشەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی سلێمانی ژێر نوسێکم خوێندەوە نوسرابوو فاخر بە قوربانی ئیسماعیل بێت، ئاخر چۆن زیندو قوربانی مردو دەبێت؟ یارەبی تۆش قوربانی من بیت!

* دیسان لە گەلی کوردستانی سلێمانیدا چاوم کەوت بە گۆرانیەکی ئومێد باڵەبان بە دەنگ و ڕەنگ کە بەرهەمی سێ ساڵ لەمەو بەری بوو، نوسرابوو: نوێ! بەحسابی ئەم تەلەفزیۆنە بێت حەربی عالەمی دووەم پارو پێرارببوو!

* لەبەرنامەکەی ئەڤین ژن و ژیانی کەناڵ ٤ دا هونەرمەندێکی پرۆفیشناڵ بەجەماوەرەکەی ووت چاوی ماچی یەک بەیەکتان دەکەم! لەبری ئەوەی بڵێت چاوی یەک بە یەکتان ماچ دەکەم.

* لەشاشەی زاگرۆس و لە زنجیرە درامای هەیئەدا لەحیواری نێوان سێ ژندا یەکێکیان بەوی تری وت ئینشاالله بۆ هەرغەم و بەژارە یەکتان ئێمە لەخزمەتتاندابن، ڕەنگە ئەم حیوارە حور بوو بێت، ئەگینا هیچ دەق نوسێکی ئەم سەردەمی عەولەمەیە شتی وا نانوسێ.







## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک کە دەچێتە سەر جێگاکەی خەوی لێ ناکەوێت، دەچێتە لای هاورێیەکی و پێی دەڵێ: هەموو شەوێ دەچم بۆ سەر جێگاکەم، کەچی خەوم لێ ناکەوێت، هاورێیەکەی پێی دەڵێ: هەرکاتێ چووی بۆ سەر جێگا تاوەکو پێنج سەد (٥٠٠) بژمێرەو خەوت لێ دەکەوێت، کابرا شەو چوو بۆ سەرجێگاکەی تاوەکو (٢٥٠)ی ژمارد، هەستی دەکرد خەوی دێ، هەستا چوو دەمووچاوی شوشت ووتی: هێشتا تا (٢٥٠) ی ترم ماوە بی ژمێرم.






سالار حەسەن

## نامەیەک (لە ساڵی ٢٠١٠وە بۆ ساڵی ٢٠١١)

لە ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵەوە
لە چوار مەوسمی دەست بەتاڵەوە
لە زستانێکی بێ کارەباوە
لە بەهارێکی بێ گژو گیاوە
لە هاوینێکی وەک دۆزەخەوە
لە پایزێکی سەوزی تۆخەوە
نامە ئەنوسین بە خامەی بێ نوک
بۆ دوو هەزارو یانزەی تازە بوک
یاخوا بەخێربێی هەر لە دورەوە
بابانوئێلیش بە جلی سورەوە
تەشریفتان بێنن بۆ کەڵەگایی
منیش حازرم بۆ ماڵئاوایی
دوای من جەنابت دەکرێیتە بەروار
منیش دەخرێمە ناو ئەرشیفی پار
بەڵام بەرلەوەی تۆ دەستبەکاربی
هەندێ شت هەیە با ئاگاداربی
ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکم داوە
تۆش ئیهمالیکەو بڵێ فەوتاوە
کام بڕیارەی من زۆر تازەو لۆکە
ئیشی پێمەکەو بڵێ ئیستۆکە
زەوی کرێچی نەدەی بە فەقیر
ڕوکنەکان دانێ بۆ بەچکەی وەزیر
باقیەکەی تری بەیەک گەردەلول
تاپۆکە لەسەر ئەولادی مەسئول
تەعینات و شت هەمووی ڕابگرە
بۆ خۆت بە هیتفۆن گوێ لە ڕاپ بگرە
ڕۆژی بیست سەعات بەبێ ترس و خۆف
کارەبا ببڕەو ئۆن بکە بە ئۆف
جا ئیتر ئەمە وەسێتی من بوو
لەبیری مەکەو مەڵێ لێم ون بوو
باقی وەسەلام ساڵی نوێی ئازیز
تۆ بۆ سەر کورسی و منیش خوا حافیز...






## تەعەجوب

سەلاجەی ماڵە پێشمەرگەیەکم بەسوتفە کردەوە، تەنها مێشی تیابوو! وابزانم چاوەڕێی بوودجەی ئەم ساڵی دەکرد مەعاش زیاد بکات!

ڕیکلامێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانم خوێندەوە بۆ هەڵبژاردن نوسرابوو: دەنگمان پێ بدەن، سێ دەوام لە قوتابخانەیەکدا ناهێڵین! عەجیب و غەریب ئەی خۆ هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە بەدەست باپیرمەوە نیە، ئێستا بۆ قوتابخانەی وا هەیە بەدەوامی پارشێوەنیشەوە (٥) دەوامی تیاییە؟

لە قەزای شارەزور کەوتمە مەفرزەی مرورەوە، لەجیاتی ئەوەی داوای مۆڵەتی شۆفێریم لێبکەن! وتیان ئادەی لایتەکانت داگیرسێنە! منیش دامگرساند، ووتیان فەرموو سەرچاو هاتی!

ناوی چواری مەلایەکم لایە چوو بوون بەدوایا بۆ ژن مارە بڕین، وتبووی: ئەمشەو نایەم بێریڤانم لەدەست دەرئەچێت!

برادەرێک سوێندی بۆ خواردم وتی لە گەعدەی هونەرمەندێکا دانیشتبوون چاوەڕوانی کێک و بیبسیم دەکرد لەپڕ سینیەک موسیان هێنا وتیان فەرموو بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر کۆپلە گۆرانییەکدا موسێک لەخۆم بدەم.

خزمێکم خانویەکی کڕیبوو چووبوو بۆ بازاڕ هاتبوەوە بۆ ماڵەوە خانوەکەی لێ تێک چووبوو نەیدۆزیبووەوە پرسیاری لەخەڵک کردبوو وتبووی ئەرێ برادەران من خانویەکم کڕییوە بە ١٧٠ وەرەقە نازانن لە کوێدایە!!




